# ڤلاديمير ئيليتش لينين

## یەکەم دەستنووسی تێزەکان لەبارەی کێشەی نەتەوەو کۆلۆنییەکان

## (بۆ کۆنگرەی دووهەمی ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی)1920

## 1

من لەکاتێکدا یەکەم دەستنووسی تێزەکان لەبارەی کێشەی نەتەوەو کۆلۆنییەکان کە بۆ کۆنگرەی دووهەمی ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی ئامادەکردووە، تکا لە هەموو هاورێیان دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی مەعریفەیەکی کۆنکریتیان لەم یا ئەو کێشە زۆر ئالۆزانە هەیە، بیروڕای خۆیان دەرببڕن یان پێداچوونەوە یان بە شێوەیەکی زۆر کورت(لە 2 یان 3لاپەڕە زیاتر نەبێ) ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی چمکێك لە چمکەکانی بنووسن و بەتایبەتی باس لەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

ئەزموونی نەمسا

ئەزموونی پۆڵۆنی - جوو و ئۆکرانی.

ئیلزاس و لۆرین و بەلژیك

ئیرلەند

پەیوەندی دەنیمارکی-ئەڵمانی و ئیتالیا-فەرەنسا و ئیتالیا-سلاڤی.

ئەزموونی بەلقان.

گەلانی ڕۆژهەڵات.

خەبات لە دژی جامیعەی ئیسلامی.

پەیوەندییەکان لە قەوقاس

کۆمارەکانی بشکیری و تەتەریی.

قرغیزستان.

تورکستان و ئەزموونەکەی

ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا.

کۆلۆنەکان.

چین-کۆریا-ژاپۆن.

م. لینین

5ی یونی/1920

1- دیموکراسی بۆرژوایی بەحوکمی هەموو بوونەکەی، هۆگری چارەسەری ئەبستراکت و ڕووکەشییانەی یەکسانییە بە گشتی، بە یەکسانی لەنێو نەتەوەکانیشەوە. بۆرژوازی دیموکراسی، بەبیانووی یەکسانی کەسایەتی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، بانگەوازی یەکسانی ڕووکەشانە یان یاساییانە دەکەن لەنێوان خاوەن موڵك و پرۆلیتاریا، چەوسێنەر و چەوساوە و بەمە، هەڵدەستن بە گەورەترین شێوەی فریودانی چینە ژێردەستەکان. بۆرژوازی، بە بانگهێشتنی یەکسانی ڕەهایی لەنێو کەسایەتی مرۆڤایەتیدا، بیرۆکەی یەکسانی کە پەرچدانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاکانە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەگۆڕێ بۆ ئامرازی خەبات لە دژی لەناوبردنی چینەکان. مانای ڕاستەقینەی داخوازی یەکسانی لەوەدایە کە داوابکرێ چینەکانە لەناوبرێ.**

2- **حیزبی کۆمونیست، وەك دەربڕی هووشیاری خەباتی پڕۆلیتاریایە بۆ لەناوبردنی بۆرژوازی، دەبێ بە پێی ئەرکە سەرەکییەکی، خەبات لەدژی دیموکراتی بۆرژوازی بکا و پەردە لەسەر درۆ و دووڕوویییەکانی ئەم دیموکراتییە، هەڵماڵێ، هەروا دەبێ لە کێشەی نەتەوەکاندا هیچ پرەنسیپێکی ئەبستراکت و فەرمی بەرزنەکاتەوە، بەڵکو دەبێ یەکەمجار، هەڵسەنگاندنێکی وردی هەلومەرجی کۆنکریتی مێژوویی ولەپێشەوەشیان هەڵومەرجی ئابووری بکات؛ دووهەم، ڕۆشنایی لە هەڵاوێردنی بەرژەوەندی چینە زوڵملێکراوەکان، بەرژەوەندی چینە زەحمەتکێش و چەوساوەکان لە تێگەیشتنی گشتیدا بۆ بەرژەوەندی گەل بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە ئەو تێگەیشتنەیە کە واتای بەرژەوەندی چینە بالاکان دەدا؛ سێهەم، بەهەمان ئەو ڕۆشنییەوە، جیاوازی بکا لەنێوان نەتەوەی زۆلێکراو، پاشکۆ ومافخوراو و، نەتەوەی زۆردار و چەوسێنەر کە هەموو مافێکی خۆیی هەیە؛ بە پێچەوانەی درۆی دیموکراتە بۆرژوازەکان کە مۆرکی سەردەمی سەرمایەی پوولی و ئیمپریالیزم و کۆلۆنییەکانی و کۆیلەکردنی دراوییانەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی سەرزەمین لەلایەن کەمایەتییەکی بچووك لە وەلاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو و زۆر دەوڵەمەندەکانەوە، دەپۆشێت.**

3- **جەنگی ئیمپریالیستی**1914-1918**زۆر بە ڕوونی لەپێشی هەموو نەتەوەو چینە زۆلێکراوەکاندا لەجیهان، زۆر بە ڕوونی پەردەی لەسەر دەربڕینە درۆزنینەکانی بۆرژوا دیموکراتەکان هەڵماڵی و بە کردەوە بە بەرچاوی هەمووانەوە پیشانیدا کە دڕندایەتی و نزمیی پەیمانی فەرسای ئەو دەوڵەتانەی بانگەشەی((دیموکراتی ڕۆژئاوایی))دەکەن و بە زەبروزەنگ بەسەر گەلانی لاوازدا سەپاند، زۆر زیاترە لە پەیمانی بریست-لیتوفسك کە لەلایەن غونتای ئەڵمانی و قەیسەرەوە سەپێنرا. کۆمەڵەی گەلان، لەگەل هەموو ئەو سیاسەتانە هات کە دەوڵەتانی هاوپەیمان لەپاش جەنگ پەیرەیان دەکرد، ئەو ڕاستییە بە ڕوونی و لەبارچاوتر پیشانداو لە هەموو شوێنێکدا، ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیە کە پڕۆلیتاریا لە وەلاتە پێشکەوتووەکاندا دەیکاو هەموو جەماوەری زەحمەتکێش لە کۆلۆنەکان و دەوڵەتانی پاشکۆکراو، توندترکردو پەلەی بە داڕووخاندانی وەهمە نەتەوایەتییەکانی بۆرژوازی بچووك کرد لەبارەی ئەوەی گوایە پێکەوەژیانی ئاشتییانەو یەکسانی لەنێو نەتەوەکان لە سایەی سەرمایەداری مومکینە.**

4- **ئەنجامگیری لەو بابەتە بنەڕەتییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ئەوەیە کە دەبێ لە نزیکردنەوەی بەرامبەرییەکی پڕۆلیتاریا و جەماوەری زەحمەتکێشی هەموو نەتەوە و وەلاتەکان لە خەباتکردنی شۆڕشگێڕانە هاوبەش بۆ ڕووخاندنی دەرەبەك و بۆرژواکان، ببێ بە بەردی بیناغەی تەواوی سیاسەتەکانی ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی لە کێشەی نەتەوە و کۆلۆنییەکان، چونکە ئەم تزیکبوونەوەیە، تاقە مەسەلەیە بۆ دابینکردنی سەرکەوتن لەسەر سەرمایەداری و بەبێ ئەم سەرکەوتنە، مەحاڵە ستەمی نەتەوەیی و نایەکسانی لەناوبرێ.**

5- **لەکاتی ئێستادا، هەلومەرجی سیاسەتی جیهانی مەسەلەی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریای هێناوەتە بەر باسکردن وهەموو ڕووداوە سیاسییە جیهانییەکان، وەك پێویستییەك، بەدەووری یەك خاڵی سەرەکی دەسووڕێنەوە، ئەوەش، خەباتی بۆرژوازی جیهانییە لە دژی کۆماری ڕووسیای سۆڤێتی و**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبێ، بەبێ چەندوچۆن هەموو لەدەوریدا کۆببنەوە؛ لەلایەکەوە هەموو بزووتنەوە شوورایییە پێشکەوتووەکان لە هەموو وەڵاتان ولەلایەکیترەوە هەموو بزووتنەوە نیشتیمانی وئازادیخوازەکانی کۆلۆنییەکان و نەتەوە زۆرلێکراوەکان کە بە تاقیکردنەوە تاڵەکانی خۆیان بڕوایان بەوەیە، هیچ رزگاربیوونێك نییە، تەنها بە سەرکەوتنی دەسەڵاتی سۆڤێتی نەبێ بەسەر ئیمپریالیزمی جیهانیدا.

6- بۆیە، نابێ لە کاتی ئێستادا، تەنها بە دانپێنان یان بە نزیکبوونەوە لەنێوان کرێکارانی نەتەوە جیاجیاکانی بەس بکەین، بەڵکو دەبێ بەرەو سیاسەتی ئەنجامدانی پتەوترین هاوپەیمانیش بڕۆین لەنێوان هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوە و کۆلۆنییەکان و ڕووسیای سۆڤێتی و دەبێ شێوەی ئەم هاوپەیمانییە بە گوێرەی پلەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کۆمونیستی لە ڕیزی پڕۆلیتاریای هەر یەکێك لە وەڵاتەکان یا پلەی بزووتنەوەی کرێکاران و جووتیارانی ئازادیخوازانەی بۆرژوازی دیموکراتی لە وەڵات یا لەنێو نەتەوە دواکەوتووەکاندا، دیاری بکرێ.

7- فیدراتسیون شێوەیەکی گواستنەوەیە بەرەو یەکێتییەکی تەواو لەنێو کارگەرانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانداو بەکردەوە سوودمەندی خۆیی پیشاندا لە پەیوەندی کۆماری ڕووسیای سۆسیالیستی شوورایی لەبەرامبەر کۆمارە شوورایییەکانی تر(مەجەرستان، فینلەند، لاتیڤیا)لەڕابردووداو (ئازەربایجان و ئۆکرانیا لە سەردەمی ئێستادا) یان لەناو کۆماری ڕووسیای یەکگرتوو لەبەرامبەر ئەو نەتەوانە کە لە ڕابردوودا نە کیانی دەولەت و نە ئۆتۆنۆمیان هەبوو(بۆ نموونە هەردوو کۆماری ئۆتۆنۆمی بشکیری و تەتەری کە لەناو کۆماری رووسیای یەکگرتوودا لە 1919و1920دا دامەزران)

8- ئەرکی ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی لەم بارەیەوە، بریتییە لە گەشەپێدان بەم یەکگرتنەوە نوێیانە کە لە سەر بنچینەی سیستێم و بزووتنەوەی سۆڤێتی دامەزران و ئەزموونگەرییانە لێکۆڵینەوەو لێتوژینەوە لەبارەیانەوە بکات. کاتێ ئێمە داندەنێین بەوەی کە فیدراتسیون شێوەیەکی گواستنەوەیە بەرەو یەکگرتنەوەی تەواوەتی، دەبێ لە نزیکترەوە هەوڵ بۆ فیدراتسیون بدەین و لەتەکیدا ئەم خاڵانە لەبەرچاودا بگرین: یەکەم، بەبێ هاوپەیمانی توندوتۆڵ لەنێوان کۆمارە سۆڤێتییەکاندا، ئەستەمە بتوانین بەرگری لە کیانی ئەو کۆمارە سۆڤێتییانە بکەین کە لەلایەن هەموو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە گەمارۆودراوان و هێزی سەربازیشیان زۆر بەهێزترە؛ دووهەم، هاوپەیمانی ئابووری توندوتۆڵ لەنێو کۆمارە سۆڤێتییەکان پێویستە، چونکە ناتوانین هێزەکانی بەرهەمهێنان کە لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە وێرانکران، سەرلەنوێ دایانمەزرێنینەوەو خۆشگوزەرانی بۆ کارگەران دابین بکەین؛ سێهەم، ئارەزوومەندی دامەزراندنی ئابوورییەکی جیهانی یەکگرتوو، بەگوێرەی بەرنامەیەکی گشتی و ئاراستەی پڕۆلیتاریای نەتەوەکان بکا، ئەم ئارەزوومەندییە کە لەسایەی سەرمایەدارییدا زۆر بە ڕوونی دەرکەوتووەو بە بێ گومان لە سایەی سۆسیالیزمدا درێژە بە گەشەسەندنی دەدرێ و کامڵ دەبێ.

9- لەبواری پەیوەندییەکانی ناو دەوڵەتدا، نابێ ئەو سیاسەتە کە کۆمێنترن لە بواری نەتەوەکان لەسەری دەڕوا، تەنها بە داننان بە یەکسانی موجرەد و شێوەیی کە مۆرکی ڕیکلامیانەی پەتییەوە هەیە، بەس نەکا و لەلایەنی عەمەلییەوە بەرپرسییارییەکانی فرامۆش بکا، ڕێك وەك چۆن دیموکراتە بۆرژواکان دەیکەن، چ بەئاشکرا دانی پێ بنێن کە دیموکراتی بۆرژوایین یا وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سۆسیالیستەکانی ئینتەرناسیونالی دووهەم کە خۆیان بەناوی سۆسیالیست داپۆشیووە. دەبێ حیزبە کۆمونیستەکان بە بەردەوام لە هەموو پڕوپاگەندە و هاندانەکانی-لە ناو و لەدەرەوەی پەرلەمان-ڕسوای بە بەردەوام پێشێلکردنەکانی یەکسانی لەنێو نەتەوەکان و گارانتەکانی مافی کەمە نەتەوەکان بکا لە هەموو وەڵاتە سەرمایەدارەکاندا، سەرەڕای دەستووره((دیموکراتەکانی)) و ئەوەی کە زۆر پێویستە، یەکەم، دەبێ بە بەردەوام ڕوونی بکاتەوە کە تەنها سیستێمی سۆڤێتی دەتوانێ مافی یەکسانی بە نەتەوەکان بدا، بەو مانای لەسەرەتاوە پڕۆلیتارەکان و لەپاشاندا هەموو جەماوەری زەحمەتکێش لە خەبات دژی بۆرژوزای، یەکدەخات؛ دووهەمیش، دەبێ هەموو حیزبە کۆمونیستەکان، یارمەتی ڕاستەوخۆی بزووتنەوە شۆڕشگێرەکانی نەتەوە بەپاشکۆکراوەکان یا مافخوراوەکان(بۆ نموونە، ئیرەلەندا و لەناو ڕەشپێستەکانی ئەمریکا)و کۆلۆنییەکان، بدا. بەبێ ئەم مەرجە دواییە زۆر گرنگە، خەباتکردن لە دژ زوڵمکاری نەتەوە پاشکۆکراو و کۆلۆنییەکان و داننان بە مافەکانیان لە جیابوونەوە وەك دەوڵەت، وەك ڕاگەیاندنێکی درۆ دەمینێتەوە، ڕێك، وەك چۆن لەلای حیزبەکانی نیونەتەوەیی دووهەم بەرچاومان دەکەوێت.

-10 داننانی زارەکی بە ئینتەرناسیونالیزم و لە کردەوەدا، گۆڕینی لە هەموو پڕوپاکەندە و هاندان و چالاکی عەمەلییەکان بە ڕوحی نەتەوەیی و پاسیفیزمی بۆرژوازی بیرتەسك، دیاردەیەکە زۆر ناسراوە، نەك تەنها لە ڕیزەکانی ئینتەرناسیونالی دووهەم، بەڵکو لە ڕیزی ئەو حیزبانەش کە لێی دەرچوون وتەنانەت حاڵەتێکی دەگمەن نییە لە نێو ئەو حیزبانە کە ئێستا ناوی خۆیان ناوە حیزبی کۆمونیست. خەباتکردن لەدژی ئەم دڵتێکهەڵدانە، لە دژی ڕیشەی زۆر قووڵی وەهمی نەتەوەیی بۆرژوازی بچووك، بەقەت ئەرکی گۆڕینی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا، لە دیکتاتۆرییەتێکەوە کە خاوەن مۆرکی نیشتیمانییە(واتە لە یەك وەڵاتدا و ناتوانێ بڕیار لەسەر سیاسەتی جیهانی بدا) بۆ دیکتاتۆرییەتی خاوەن مۆرکی جیهانی(واتە لەلانی کەمەوە لە چەند وەڵاتێکی پێشکەوتوو دامەزراوەو دەتوانێ کارتێکردنی بڕیاردەری هەبێ لە هەموو سیاسەتی جیهانی)زیاتر زەق دەبێ. نەتەوایەتی بۆرژوازی بچووك، ئینتەرناسیونالیزم تەنها لە داننان بە یەکسانی لەنێو گەلان دەبینێ(بەچاوپۆشی لەوەی کە ئەم داننانە لە گوتن بەولاوە، بڕناکات) و خۆپەرەستی نەتەوەیی بە ساغی دەمینێتەوە، لەکاتێکدا، ئینتەرناسیونالی پڕۆلیتاری داواکارە بە: یەکەم، بەرژەوەندی خەباتی پرۆلیتاری لە وەڵاتێك لە وەڵاتەکان بهێنێتە ژێرباری بەرژەوەندی ئەم خەباتە لە ئاستی جیهاندا. دووهەم: ئەو نەتەوەیە کە سەرکەوتنی بەسەر بۆرژوازی بەدەستهێناوە، دەبێ لێهاتوو و ئامادە بێ بۆ ئەوەی گەورەترین قوربانی بدا بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری جیهانی. بەو شێوەیە، لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا، کە حیزبی پرۆلیتاریان تێدایەو بە ڕاستی پێشڕەوی پڕۆلیتارەکانن، خەبات لە دژی شێواندنی هەڵپەرستانەی بۆرژوازی بچووك کە تێگەیشتن و سیاسەتی ئینتەرناسیونالیزم بە ڕەنگی ئاشتیانە ڕەنگیان کردووە، یەکەمین و گرنگترین ئەرکە.

-11 بەنیسبەت دەوڵەت و نەتەوە کەمتر پێشکەوتووەکانەوە کە پەیوەندی دەرەبەگایەتی و باوکسالاری و باوکسالاری-جووتیارانەیان لەناودا باڵادەستن، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێت: یەکەم/پێویستە لەسەر هەموو حیزبە کۆمونیستەکان، یارمەتی بزووتنەوە بۆرژوازی دیموکراتەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو وەڵاتانە بدەن؛ وئەرکی یارمەتی چالاکانە بە پلەی یەکەم بۆ کرێکارانی وەڵاتەکانی نەتەوە دواکەوتووەکان کە لە هەلومەرجی کۆلۆنی یان پاشکۆیاتی پوولیدان. دووهەم/ پێویستە خەبات بکرێ لە دژی پیاوانی ئاین و توخمە کۆنە پەرەست و سەددە ناوەڕاستە هاوچەشنەکانیان کە لە وەڵاتە دواکەوتووەکاندا دەسترۆیشتوون. سێهەم/ پێویستە خەبات لە دژی جامعەی ئیسلامی و ڕەوتە هاوچەشنەکانی بکرێ کە هەوڵدەدەن، بزووتنەوەی ئازادیخوازی دژ بە ئیمپریالیزمی ئۆروپی و ئەمریکی بە پتەوکردنی ناوەندەکانی خان و دەرەبەگ و شێخەکانەوە ببەستنەوە. چوارەم/ پێویستە پشتگیری لە بزووتنەوە جووتیارییە تۆخ و خەباتگێڕەکانی وەڵاتە دواکەوتووەکاندا بکرێ لە دژی موڵکدارە گەورەکانی زەوی و زارو خاوەن موڵکە عەقارییە گەورەکان و دژی هەر ڕەواڵەتێك لە ڕەواڵەتەکانی دەرەبەگایەتی یان هەر پاشماوەیەك لە پاشماوەکانیداو تا دەکرێ، هەوڵ بدرێ مۆرکی شۆڕشگێرانە بدرێ بە بزووتنەوەی جووتیاران و تا دەکری هاوپەیمانییەکی توندوتۆڵ لەنێوان پڕۆلیتاریای کۆمونیست لە ئۆروپای ڕۆژئاواو بزووتنەوەی جووتیارە شۆڕشگێڕەکان لە ڕۆژهەڵات و کۆلۆنییەکان و وەڵاتە دواکەوتووەکاندا بەگشتی جێبەجێ بکرێ؛ زۆر پێویستە هەموو هەوڵەکان ئاراستەبکرێ بەرەو جێبەجێکردنی پرەنسیبە بنچینەییەکانی سیستێمی سۆڤێتی لە ئاستی ئەو وەڵاتانەدا کە پەیوەندییەکانی پێشی سەرمایەداری باڵادەستن، ئەوەش بەرێگای دامەزراندنی((شووراکانی زەحمەتکێشەکان))...هتد. پێنجەم/پێویستە بەسووربوونەوە خەبات بکرێ لە دژی بەڕەنگکردنی ڕەوتە ئازادیخوازییە بۆرژوازی دیموکراتەکان لە وەڵاتە دواکەوتووەکاندا بە ڕەنگی کۆمونیستی ودەبێ ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی بەو مەرجە پشتگیری لە بزووتنەوە نیشتیمانییە بۆرژوازییەکانی کۆلۆنییەکان و وەڵاتە دواکەوتووەکان بکا کە لە دوارۆژدا توخمەکانی ئەو حیزبە پڕۆلیتاریانە پێکدەهێنن کە نەك تەنها بە ناو، ناوی حیزبی کۆمونیست لەخۆیان دەنێن، بەڵکو بە هووشیاری ئەرکە تایبەتییەکانی لە خەبات لەدژی بزووتنەوە بۆرژوا دیموکراتەکانی ناو نەتەوەکەیان پەروەردە بن؛ دەبێ ئینتەرناسیونالی کۆمونیستی هاوپەیمانی کاتی لەگەل دیموکراتە بۆرژواکان لەناو کۆلۆنی و وەڵاتە دواکەوتووەکان ببەستێ، بەڵام نابێ لەتەکیاندا تێکەڵ ببێ و بەبێ چەندوچۆن، سەربەخۆیی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا-تەنانەت بە فۆرمە سەرەتاییەکەیشی-بپارێزێ. شەشەم/ پێویستە فرتوفێڵەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کە بە بەردەوام پەنای بۆ دەبەن، پیشان بدرێ؛ لە ژێرپەردەی دامەزراندنی دەوڵەتانی سەربەخۆی سیاسی، بەشێوەیەك دەوڵەتانێ دادەمەزرێنن، بەتەواوەتی لە بواری ئابووری، دارایی و سەربازی دەبن بە پاشکۆی خۆی. دەبێ ئەم فرتوفێڵە بەبێ کۆڵنەدان لەبەردەم جەماوەری بەرینی زەحمەتکێشان لە هەموو وەڵاتان و بەتایبەتی لە وەڵاتە پاشکەوتووەکاندا ڕسوابکرێ؛ لەم هەلومەرجە جیهانییەی ئێستادا، هیچ چارەیەکیتر بۆ نەتەوە پاشکۆو لاوازەکان نییە، تەنها کۆماری سۆڤیتاتەکان نەبێ.

12- چەوسانەوەی سەددان ساڵەی کۆلۆنی و گەلە لاوازەکان لە لایەن دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە، نەك تەنها بووە بە هۆی دژایەتی جەماوەری زەحمەتکێش، بەڵکو بێ مەتمانەییش لە ئاست نەتەوە زۆردارەکان بەگشتی و لە دژی پرۆلیتارییەکانی ئەم نەتەوانەش لە لایان چاندووە. ئەو ناپاکییە نزمە لە ساڵانی1914-1919دا لەلایەن زۆربەی سەرکردە ڕەسمییەکانی پڕۆلیتاریاوە لە دژی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سۆسیالیزم دەستپێبکرد، کاتێ سۆسیالیستە شۆفێنیستەکان لە ژێر ئالای" بەرگری لە نیشتمان" و"مافی" بۆرژواکانیان" بەرگریان لە ستەمکاری کۆلۆنییەکان و تالانکردنی دراوی دەوڵەتە پاشکۆکان کردو هەردەبوو ببێ بە هۆی توندکردنی ئەم گومانلێکردنە زۆر مەشرووعە. لەلایەکی ترەوە، وەڵاتەکە چەند دواکەوتوو بێ، ئەوەندە ئابووری بەرهەمهێنانی بچووک و پەوەندییە باکسالارییەکان و دوورەپەرێزی لە ئاوەدانکردنەوە بەهێزدەبێ، ئەوانەش، ڕوگ و ڕیشە زۆر قوڵەکانی وەهمی بۆرژوای بچووک بەهێزو پتەو دەکەن؛ مەبەستمان، وەهمەکانی خۆپەرەستی و تەسکبینی نەتەوەیی کە بەبێ چارەیی دەکەن بە هێزێکی تایبەت بۆ ماوەیەکی دوور. کاتێ ئەم وەهمانە لەپاش نەمانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری لە وەڵاتە پێشکەوتووەکان و لەپاش ئەوەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە هەموو بنەچەکانی ژیانی ئابووری وەڵاتە پاشکەوتووەکان لەناودەچن، ئەوا هیچ چارەیە نییە بۆ ئەوەی ئەو وەهمانە زۆر لەسەرەخۆ دەپووکێنەوە.

ئەمە ئەرکی هووشیاری چینایەتی پرۆلیتاریای کۆمونیستی لە هەموو وەڵاتەکاندا زیاتردەکات و دەبێ بەوپەڕی ئاگایی و وریایی هەڵسوکەوت بکەن لەبەرامبەری پاشماوەکانی هەستی نەتەوایەتی لەو وەڵات و نەتەوانە کە ماوەیەکی درێژە ژێردەستەن، هەروا ئەرکی دەستپێشخەریکردن لە هەندێ ئاسانکاری بە مەبەستی پەلەکردن بە لەناوبردنی ئەو بێ متمانەیی و وەهمانەی ئاماژەمان پێکردوون. بەبێ لاگری خۆویستانە بۆ هاوپەیمانییەتی و یەکگرتنەوە لەلایەن پرۆلیتاریاو هەروا لەلایەن هەموو جەماوەری زەحمەتکێشانی وەڵاتان و نەتەوەکان لە هەموو جیهاندا، مەسەلەی سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداری بە تەواوی بە ئە نجام ناگات.

14. 6. 1920نووسراوە و لە گۆڤاری کۆمونیستی ئینتەرناسیەنال ژمارە11بڵاوکراوەتەوە.

Salam abdullah Ibrahim

سەرچاوە: W.I. Lenin, Werke, Bd.31. S.132-139



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com